# کۆبونەوەی هاوبەش لە گەڵ پارلمانتارەکانی سۆئید

ڕوژی پینج شەممە ١٧ی ئاپریل لە درێژە و ئیدامەی دیدارەکانی کومیتەی نەتەوەکانی ئیرانی فیدرال لە شاری ستوکهولم پێتەختی ولاتی سوئید، وەفدیکی ئەو کومیتەیە کە بریتی بوون لە عەلی مەلازادەگان و یونس بە نوینەرایەتی ئازرییەکانی ئێران و محەمەد زینودینی بە نوینەرایتی نەتەوەی بلوچ و سالاری ئاشناگەر لە لایەن کومەلەوە ونەتەوەی کورد و کاوەی ڕەحیمی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و نەتەوەی کوردوە، سەردانی پارلمانی سوئیدیان کرد و لە گەڵ بەشێک لە پارلمانتارەکانی سوئید لە وانە نیونەرەکانی حیزبی گەلی سوئید سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکان لە ئیران لیکولینەوە ولێدووانیان کرد. شایانی باسە پێشترش لە گەڵ حیزبی ژینگە ئەو قسە وباسانە هاتبو گوڕێ بریار وایە ئەو کوبونەوە هەروا درێژەی بێت و لە گەل ئەندامانی دیکەی حیزبەکانی سوئید بە مەبەستی لیکۆلینەوە لە کێشەی نەتەوەکان و گەیشتن بە ڕیگایکی گونجاو، ئەو پرسە تاو وتو بکرێ. پیویستە بکوترێ فردریک مالم ئەندامی پارلمان وسەروکی وەفدی حیزبی گەڵ، لەو دیدارەدا هاوپشتی خۆی لە گەڵ نەتەوەکانی زوڵملیکراوی ناو ئیران دەڕبڕی و ئامادەیی خوێ وحیزبەکەی بو هاوکاری زورتر بو حەللی ئەو کێشە گەورەیە لە ئێران دووپات کردوە.

### نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال - سوئید

### ١٧ی ئاپریلی ٢٠٠٨



www.komala.org
E-mail: